## عینایەت عەتار

# هونەرێکی ناسک به ئەندازەی مێ

**هونەری شێوەکاری لە کوردستانی سووریا و لە لای شێوەکارانی رۆژاڤای کوردستان لە ئاستێکی بەرزدایە. لە شارەکانی حەسەکە، قامیشلۆ، عاموودا، عەفرین، دێرك و چەندین شاری دیکەی رۆژاڤای کوردستان، شێوەکاری زۆر بە توانا هەڵکەوتوون، کە نەك هەر لە ئاستی سووریا بەڵکوو لە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەندێکیان لە ئاستی جیهاندا ناسراون و خاوەنی ناوبانگن. هونەرمەندی ئەم جارەمان (عینایەت عەتار)ـە کە تەمەنی سەرووی ٧٠ ساڵە و لە بنەچەدا خەڵکی عەفرینە، چارەکە سەدەیەکیشە لە فەرەنسا دەژی.**


تاریق کارێزی


ئێمە بە گشتی رەنگ و سیمای کولتوور و لایەنی شارستانییەت و کۆمەڵایەتیی کوردستانی سووریا، لە تابلۆ و بەرهەمی شێوەکارانی ئەم بەشەی کوردستاندا دەبینین. دەڤەرەکانی کوردنشین لە سووریا کەتوونەتە باکووری ئەو وڵاتەوە، رۆژاڤای کوردستان هەر لە دێرك و جزیرەوە تا دەگاتە عەنتاب و ئەسکەندرۆنە، جوگرافیایەکی هاوسنووری ناوچەکانی باکووری کوردستانە. یەك سەدە لە یەکدی دابڕاندنی باکوور و رۆژاڤای کوردستان، بنخەتی خستە بن کاریگەریی سیاسەت و کولتووری دیمەشق، سەر خەتیش درێژەی بە پەیوەندی چوار سەدەی پێشتری لەگەڵ ئەستەمبووڵ و کولتووری تورکدا. ئەگەرچی پەیوەندیی کولتووریی نێوان ئەم دوو بەشەی کوردستان بۆ ماوەی نزیکەی ١٠٠ ساڵ سنوورێکی سامناك لە یەکی دابڕین، بەڵام بنەماکانی کولتووری کوردەواری لە هەردوو لا بە گەشی و زیندوویی مانەوە، ئەگەرچی بنخەت و سەرخەت کەوتنە بەر لێشاوی کولتووری دوو نەتەوەی جیا، هەردووکیشیان هەوڵی سرینەوەی کولتووری کوردیان دا، دەرەنجام کولتووری کورد لە هەردوو بەشەکە، ناسنامەی خۆی پاراست. بەرهەمی شێوەکارانی کوردستانیش، ستاتیکا و بەڵگەی دیدەیی لە بارەی زیندوو مانەوەی کولتوور و شارستانییبەتی کورد دەخەنەڕوو.



عینایەت عەتار (١٩٤٨ لە عەفرین هاتووەتە دنیاوە) بە هەمان شێوەی شێوەکارانی دیکەی کوردستانی سووریا، ئافرەت نەخشێکی کارای لە نێو بەرهەمەکانیدا هەیە. مێ کە بە چەندین چەمك و رایەڵ بە نێرەوە گرێ دراوە، بە دایك دەست پێ دەکات و بە هاوژین و کچ کۆتایی







دێت، بۆ خۆی هێمای نیشتمانە. زۆربەی شێوەکارانی کوردستانی ڕۆژاڤا مەبەستیان بوو بێت، یان نا ئافرەت وەك فیگەر و ستاتیکا و بەها بە چڕی لە نێو بەرهەمەکانی ئەواندا ئامادە بووە. ئافرەت هێمای دایك و نیشتمان بووە، دیارترین ڕواڵەتەکانی کولتوور و شارستانییەتی کوردی لە نێو ماڵ و بە بەژنی چنارئاسای خۆیدا نواندووە.

تابلۆی نیگارکێشانی ڕۆژاڤا لە ڕووی ڕەنگ و تەکنیك و فیگەرەوە، خاوەن خەسڵەتێکی تایبەتە، ئەوان تابلۆ بە تەکنیکی بەرز گەڵاڵە دەکەن، لە بەکارهێنانی ڕەنگدا دەوڵەمەندن، بە فڵچەیەکی سرك، نەترسانە دەکەونە چنین و نەخشاندنی ڕووبەری تابلۆ، شوێنی بەرکەوتی فڵچە بەدی ناکەیت، فۆرم و فیگەر زۆر بەرجەستە و ئازادانە گەڵاڵە دەبن، کەش و ژینگەی کوردەواری بە ڕەنگ و پۆشاك و ژینگەی دیمەنی تابلۆوە خۆی دەنوێنێ.

عینایەت عەتار بە چڕی ئافرەتی کردووەتە شا فیگەری کارەکانی، زۆر جاریش جووتێ ئافرەت دوو بە دوو، یان زیاتر، بەرەو ڕووی بینەر تەکان دەدەن، ناز و عیشوە و جوانیی خۆیان دەنوێنن و دەبنە چەقی تابلۆکە و، چاوی بینەر لە کەناری چواردەوری تابلۆ بێ ئاگا دەمێنێت. عەتاری نیگارکێش وە نەبێ کەناری تابلۆش فەرامۆش بکات، بەڵکوو زۆر ورد و بە سەلیقەیەکی باڵاوە، کەناری تابلۆش بە ڕەنگ دەچنێت.

شادییەکی زۆر بە سیمای تابلۆکانی ئەم هونەرمەندەوە دیارە. کورد نەتەوەی کولتووری شادییە و ژیانی نقومی نێو دەریای ڕەنگە، ئەم شادی و دەریای ڕەنگە، بەشێکی بۆ سروشتی سیحراویی کوردستان دەگەڕێتەوە، کە ژینگەیەکی فێنکە، زستانی سەرما و بەفر و بەستەڵەکە، هاوینی گەرم و تێر خۆرە، بەهاری لە ئەو پەڕی ڕازاوەییدایە. ئەم خەنەبەندانی ڕەنگ و شێوەیە، بە درێژایی هەزاران ساڵ کاری لە سایکۆلۆژیای مرۆڤی کوردستانی کردووە و کولتووری شادی لەو وڵاتەدا ئەفراندووە، لە تابلۆکانی عینایەت عەتاردا چەمکی ئەم کولتوورە باڵا و مرۆڤانەیە، زۆر ڕوون، زۆر ڕەوان دەخوێندرێتەوە.





# جەستن پیپەر تەحەددای توم کروز د


هەمیشە جەماوەر و هەوادارانی ئەستێرەی سینەماکان بە دوای هەواڵی شەڕ و بە
نێوان هونەرمەندا دەگەڕێن و گرنگییەکی زۆری پێدەدەن، لەم ڕووەشەوە لە چەند س
چەندین نموونەی ئەو جۆرە شەڕانە هەبوون، وەك شەڕی ماریا کاری و جنیڤەر لۆپ
مناگ و کاردی بی، تایلۆر سویفت و کاتی بیر و ماشین جین کیلی و ئیمینیم.

بەم دواییەش شەڕ لە نێوان جاستر پیپەر و توم کرۆز پەیدابووە، ئەویش بە د
تویتێکی جاستن پیپەرەوە کە لە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر داوای لە توم کروز
کە حەز دەکات یارییەکی لەگەڵدا ئەنجام بدات، ئەم داوایەی جەستن بووە مای
گاڵتە پێکردن لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پیپەر داوای ئەنجامدا
یارییەکی زۆرانبازیی (UFC)ی کرد دژی توم کرو
تەمەن ٥٦ ساڵ و لە تویتەر نووسی بووی: «دەمەوی
یارییەکی (UFC) ڕووبەڕووی توم کروز ببمەوە، ئەگەر ئ
نەبێ، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو لە من دەترسێ و هەمیشە بە تر
دەڕژی، کێی ئامادەیە بۆ جەنگ؟».

ئەم هەواڵە زۆر بە خێرایی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبۆوە،
توم کروز وەڵامی نەداوە، کەچی جەستن تووشی شۆك بوو کاتێك بینی
بە گاڵتەجاڕی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لێك دراوەتەوە و کۆمێنتی سەیریان نو
یاریزانی زۆرانبازیی ناسراو کۆنۆر مکریگۆر ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ م
ئەم یارییە و نووسی بووی: «ئەگەر توم کروز ئەوەندە پیاو بێت رازی بێت
سەنتەری مەکریگۆر بۆ وەرزش میوانداریی ئەم یارییە دەکات و گشت خە
ئەستۆ دەگرێت».



# تایرا بانکس: بە ڕەنگی ڕوخسارتان دڵتەنگ مەبن



کچە مۆدێل و ڕاگەیاندکاری ناسراو (تایرا بانکس) ڕایگەیاند: داوا لە کچان دەکەم کە لە جیاتی ئەوەی هەوڵ بدەن شێوازی ڕوخساریان بگۆڕن و دەستکاریی بکەن، واباشترە بە شێوازی ڕوخساریان ڕازی بن و گرنگیی زیاتر بە جۆر و کاتی خواردن و وەرزش بدەن.

تایرا بانکس ماوەیەکی زۆر بە دەست زیادبوونی کێشی لەشیەوە دەینالاند، بەتایبەتی دوای ئەوەی چەندین کەس لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕەخنەی ئەوەیان لێی گرت کە کێشی زیاد بووە، ئەمەش ناچاری کرد کە دەست بە سیستمێکی خۆراکیی جددی و ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت کێشی زیادی لەشی کەم بکاتەوە.

تایرا باسی ئەوەشی کرد کە بەشێك لە ئافرەتانی مۆدە کاتێك دەبینن کە قژیان زیاد بووە شێوازی قژیان دەگۆڕن، سەرسوڕمانی خۆیشی لەسەر ئەم دیاردەیە دەربڕی و بە کارێکی نەرێنیی دانا، چونکە بە بۆچوونی ئەو پێویستە بە سروشتی بەجێ بهێڵدرێت، گوتیشی کاتی ئەوە هاتووە کە ئافرەتان چیتر دەستکاری ڕوخساری خۆیان نەکەن و تەقەبولی بکەن، لەم بارەوە گوتی: هەمووتان دەزانن کە من بڕوام بەوە هەیە جوانیی ڕاستەقینە لە ناخی مرۆڤەوە سەرهەڵدەدات و لە ڕوخسارەوە ڕەنگ دەداتەوە، بەداخەوە زۆر لە ئافرەتان ترس و دڵەڕاوکێیان لە شێواز و ڕەنگی ڕوخساریان هەیە، بەڵام من دڵنیام ئەگەر ڕەنگی ڕوخساری ئافرەتان تۆخ بێت، یان هاوشێوەی شازادەکان بێت، ئەوا بە شێوەیەك لە شێوەکان بیریان لە گۆڕینی ڕەنگی ڕوخساری خۆیان کردۆتەوە.

تایرا ئامۆژگاریی کچان دەکات و دەڵێت: لە جیاتی ئەوەی تامەزۆری گۆڕینی ڕەنگی ڕوخسارتان بن، پێویستە شانازی بە تایبەتمەندییانەوە بکەن، کە لە ڕوخسارتاندا بەدی دەکرێت و بەو شێوەیە بیر بکەنەوە کە ڕوخسارتان هەر شێوە و ڕەنگێکی هەبێت، ئەوە خۆشی و شادیتان بۆ دەهێنێت.



# دوای ١٣ ساڵ
# پاریس و لۆهان ئاشت بوونەوە

خانمە ئەستێرەی ناسراوی هۆلیۆد (لیندسی لۆهان و پاریس هیلتون) کە بە دوو هاوڕێ نزیکەکە ناسرا بوون و هەمیشە کاتەکانیان بەیەکەوە بەسەر دەبرد، بەڵام بەر لە ١٣ ساڵ ناکۆکییەك لە نێوانیان دروست بوو، کاتێك هاوڕێیەکی پاریس بە نەرێنی باسی لیندسی کرد و ئەویش هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو و بەرگریی لە هاڕێیەکەی نەکرد، لەو کاتەوە پەیوەندییان پچڕا.

بە پێی ڕۆژنامەی دەیلی میلی بەریتانی، ئەم دوو ئەستێرەیە دوای ١٣ ساڵ لە پچڕانی پەیوەندییان کاتێك لە میانەی دیمانەیەکی بەرنامەی (Kyle & Jackie O Show) تەلەفزیۆنیدا بەیەك گەیشتن، ئاشت بوونەوە، کاتێك پرسیاری ئەوەیان لە لیندسی لۆهان کرد کە لە مانگی ڕابردوودا چەند کۆمێنتێکی نەرێنی لەلایەن پاریس هیلتۆنەوە بۆنووسراوە، لە وەڵامدا لۆهان گوتی: من کەسێکم گرفتم لەگەڵ هیچ کەسێك نییە و سوپاسی هەموو لایەك دەکەم کە من کەسێکی خۆشەویستم لەلایان. لۆهان ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئێستا زۆر گوێ بە قسە و قسەلۆك نادات، لەم بارەوە وتی: من گەورە بووم و تێگەیشتووم لەوەی کە نابێ خۆمان بە شتی بچووکەوە سەرقاڵ بکەین، پێموایە کاتێك منداڵ بووم هەموو شتێك زۆر کاری تێ دەکردم، بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات و گەورە بوون، ئەوا بۆم ڕوون بۆتەوە کە پێویست ناکات خۆم بە شتی بچووکەوە سەرقاڵ بکەم.

شایەنی وتنە لە ساڵی ٢٠٠٦ ناکۆکی لە نێوان پاریس هیلتۆن و لیندی لۆهان دروست بوو و لە دوای پچڕانی پەیوەندیی نێوان تا ئێستا بە هیچ شێوەیەك قسەیان نەکردووە و تەنانەت لە ئاهەنگ و بۆنەکانیشدا بە یەکەوە نەدوواون.

# لە ساڵیادی تەحسین تەهای پێشمەرگە و هونەرمەند



هونەرمەند (تەحسین تەها) ناوی تەواوی (تەحسین تەها محەمەد سەلیم ئامێدی)یە و لە ساڵی ١٩٤١ لە ئامێدی لە دایك بووە، هەر لە تەمەنی لاوییەوە دڵی بۆ هونەر لێیداوە و بەهرەی گەشی هونەری تێدا دەرکەوتووە، ئەو هونەرمەندە خاوەنی ئەرشیفێکی دەوڵەمەندە کە چەندین گۆرانیی رەسەنی لە خۆ گرتووە کە هەموو کوردێکی رەسەن شانازیی پێوە دەکات.

ئەو هونەرمەندە کۆچکردووە بەهۆی هەڵوێستی نیشتمانپەروەرییەوە زۆر جار ئاستەنگی بۆ دروستکراوە، تەنانەت چەند جارێك لە قوتابخانە دەرکراوە و زیندانی کراوە، بە تایبەتی لە ساڵانی ١٩٥٦ و ١٩٥٧ کاتێك لە بنکەی حەدبای شاری موسڵ بەشداریی خۆپێشاندانی کردوە و پەیامی کوردانە و مەردانەی خۆی راگەیاندووە.

لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بە رابەرایەتی بارزانیی نەمر وەك هونەرمەندێکی پێشمەرگە بەشداریی کارای کردووە و رۆڵێکی دیار و بەرچاوی تێدا بینیوە، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ خوێندنی پەیمانگا و بە مامۆستای هونەر دەرچووە و دەوامی خۆی لە شاری هەولێر و مەخموور درێژە پێ داوە، ئەو هونەرمەندە بەرزە دوای دابڕانێکی زۆر جارێکی دیکە گەڕایەوە نێو باوەشی هونەر و لە ساڵی ١٩٧٠ بە هاوکاری لەگەڵ هونەرمەندان عەزیز مەلا و فازڵ ئاکرەیی و دواتریش لە ساڵی ١٩٧٨ بە هاوکاری لەگەڵ تیپی هونەریی دهۆك و موزیکژەنی ناودار و بە توانا دڵشاد محەمەد سەعید چەندین بەرهەمی گۆرانی تۆمار کرد، هونەرمەندی کۆچکردوو چەند ساڵێك پێش

ئـەوەی کۆچـی دوایـی بـکات چووە هەنـدەران و لە وڵاتی هۆڵەندە گیرسایەوە.

تەحسین بەر لەوەی هونەرمەند بێت پێشمەرگەیەکی بە وەفـا بـوو بـۆ وڵاتەکەی و هەسـتی نەتەوەیی تەحسین لە سـەرەتای ژیانیـدا چەکـەرەی کـردووە و تـا دوایین سـاتی تەمەنـی بـەردەوام بـووە، بۆیـە دەبینیـن هەمیشـە لەژێـر چاودێریی دەزگا ئەمنییەکاندا بووە، لە ساڵی ١٩٦٠ رووی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان کرد، بەڵام لە ساڵی ١٩٦١ وازی لـە خوێنـدن هێنـا و لەگەڵ خاڵێکی بە ناوی عومەر پەیوەندی بە شۆڕشی رزگاریخوازی کوردەوە کرد، لە ساڵی ١٩٦٣ دەسـتگیر کرا و لە زیندانی (خلف السـده) لە بەغدا زیندانی کرا، دواتر بڕیارێکی لێخۆشبوونی گشتی دەرچوو کە ئەویشی گرتەوە، لە بواری هونەریشدا لە بنەماڵەیەکی هونەردۆست پـەروەردە بـووە و زۆربـەی گۆرانییەکانـی لـە هۆنـراوەی باوکـی و ئـاوازی خـۆی بووە، بۆ خۆیشـی گرنگییەکی زۆری بە سەرکەوتنی کارەکانی داوە.

تەحسین تەها سەرەتا هەوڵی دەدا وا تێکست هەڵبژێرێت کە ئاسـان بێت و خەڵك بە ئاسانی تێی بگات و خۆیشـی تێیدا سەرکەوتوو بێت و کاریگەری لە دەروون و ناخی بکات، بـۆ ئـەوەی بتوانێـت ئاوازێکی گونجاوی بـۆ دابنێت، بۆیە ئێسـتاش چەندیـن هونەرمەند هـەن لە هەمـوو پارچەکانی کوردستان سوودیان لە کارەکانی بینیوە.

تەحسین تەهـا لـە سـاڵی ١٩٦٤ بەشـی شـانۆی لـە پەیمانگە تەواو کردووە. مامۆستای پەروەردەی هونەر بووە لە قوتابخانەی سـەرەتایی مەخمـوور لە پارێزگای هەولێر، گەلێـك چالاکیـی هونـەری لەبواری مۆسـیقا و سـروودی نیشـتمانی لـەو شـارۆچکەیەدا نوانـدووە و بزوتنـەوەی شـانۆی لە شارۆچکەکە پێش خستووە، ماڵەکەشی کردبووە مەڵبەندێکی هونەری و یانەی مۆسیقازان و گۆرانیبێژانی کوردو حەز و ئارەزوویشـی بۆ موزیك و پەیوەندیی لەگەڵ هونەرمەنـدان، هانیـان دا بـۆ ئەوەی روو لە بەشـی موزیك بکات .

ئەوکاتانـەی لـە پەیمانگـەی هونـەرە جوانەکانـی بەغدا بەشـی شـانۆی دەیخوێند، هاوکات هێدی هێدی دەستی بە گۆرانیچڕین کرد و یەکەمین سترانی لە ئێزگەی کوردیی بەغدا لە ساڵی (١٩٥٨) تۆمار کرد.

لەنێوان سـاڵانی (١٩٥٨- ١٩٩٤)دا، کۆمەڵێك سـترانی ئەڤینداری و سیاسی و سروودی نیشتمانیی تۆمار کردووەو چەنـد سـترانێکی لـە تەلەڤزیـۆن و چەند کلیپێکـی تۆمار کراویشی هەیە.

لەنێـوان سـاڵانی (١٩٧٦-١٩٧٩) هونەرمەنـد تەحسـین تەها، لە سێ ئۆپەرێتێك وەك ئەکتەری سەرەکی بەشداریی کـرد لەگـەڵ هونەرمەندانی دیکەی وەك: سـەلام مەحمـوود عەدۆ، سـوبحی کۆیی، تەحسین سابیر، جودەت مەحمـوود، کوردۆ گەلاڵی، ئەسعەد عومـەر، ئامانج یونس.

ئۆپەرێتەکان بریتی بوون لەمانە:

* ئۆپەرێتـی داسـتانی شـۆڕش نووسـینی شـاعیر مەدحـەت بێخـەو کـە لـە سـاڵی ١٩٧٧، لە فیسـتیڤاڵی چالاکـی قوتابخانەکانـی کوردسـتان و عێـراق لەشـاری هەولێر و بەغدا، خەڵاتی یەکەمی بردەوە.

* ئۆپەرێتـی رووبـاری ژیـان هـەر لـە نووسـینی مامۆسـتا بێخـەو و لـە دەرهێنانـی تەحسـین تەهـا، ئەم ئۆپەرێتەش لەسـاڵی ١٩٧٨دا، لەشـاری موسل و هەولێر نمایشکرا و خەڵاتی یەکەمی لەسەر کوردستان و عێراقدا بەدەستهێنا.

* ئۆپەرێتی دەرگاکانی ژیان لەنووسینی شاعیر نازم دڵبەند لەدەستپێکی ساڵی ١٩٧٩دا.

تەحسـین تەهـای هونەرمەنـد لـە منداڵییـەوە حـەزی لـە سـترانگوتن دەکـرد و یەکەمیـن سترانیشـی لە ئێزگە بەنـاوی (ئەشـکەرا ناکەم یا لبەر ڤـی دلی) بڵاوکردەوە، کە لە پەیڤ و ئاوازی خۆی بووە و لە سـاڵی ١٩٥٨دا دانـاوە و لـە رۆژی ١٣- ٤ - ١٩٧١ دا، لـە رادیـۆی کـوردی بەغـدا تۆماری کردووە، هەر بەم سـترانەش بوو کە ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد و دوا بە دوای ئەوە لە سترانگوتن بەردەوام بوو.

تـا ئـەو رۆژەی کۆچـی دوایـی کرد، هەشـت ئەلبووم و پتـر لـە ١٥٠ گۆرانیـی جۆراوجـۆری لـە بـواری خۆشەویسـتی و ئەڤینداری و نیشتمانی و شۆڕشگێریدا هەبوو، دیارترین گۆرانییەکانیشی بریتی بوون لە: (دایێ وڵات شـیرینە، تۆ خەون بووی هەمی گاڤا، ملەتێ مە نامـرە، کاروانـێ مەیـێ ب ریڤـە، نـەورۆزە، شـنی تازیا شەهیدان، دگەریا مندا هیشك بوون، هەی بارانێ هەی بارانێ، من خەم دەریایەکا کویرە، وەی دنیایێ و.. هتد).

بۆیە ئەو هونەرمەندە شایسـتەی هەموو شـتێکە کە بۆی بکـرێ و رێز لە بەخششـەکانی بگیـرێ، چونکە هەموو تەمەنـی خـۆی بە هونـەر و میللەتەکەی بەخشـی و لە بـواری پـەروەردە و فێرکردنیشـدا کەسـێکی شـیاو و بێ وێنە بووە، بە شـێوەیەك نەوەیەکی هۆشـیار و رۆشنبیری پەروەردە کردووە.

لە دوای راپەرین یەکەم کۆنسێرت کە لە شاری دهۆك ئەنجامدرا، تەحسین تەها بەشداریی تێدا کرد و یەکێك لە خۆشترین سروودەکانی گوت بە ناوی (دێ سویند خوین ب کوردستانێ دێ ب راستی چینە ژیانێ).

تەحسـین تەهـای هونەرمەنـد لـەو سـەردەمەی باری کوردسـتان سـەخت بـوو، چـووە وڵاتی هۆڵەنـدا و چەند سـاڵێك لـەو وڵاتـەدا بـە ئاوارەیی ژیا، تاکـو لە ٨- ٥ - ١٩٩٥ لە نەخۆشـخانەیەکی ئەو وڵاتە بە نەخۆشـیی دڵ کۆچـی دوایـی کـرد و تەرمەکـەی لـە ٤- ٦ - ١٩٩٥ گەیشتەوە کوردستان و لە ئامێدی شاری باب و باپیرانی بەخاك سپێردرا.